ئاسایشی نیشتیمانی دەستگیرکردنی 32 تیرۆریست لەکەرکوک راگەیاند

دەزگای ئاسایشی نیشتیمانی ئەمڕۆ سەشەممە، دەستگیرکردنی 32 تیرۆریستی لە کەرکوک ڕاگەیاند.

ئاسایشی نیشتیمانی لەبەیاننامەیەکدا باویکردەوە :-

کە تیمەکانی دەزگای ئاسایشی نیشتیمانی لەکەرکوک توانی دوو تیرۆریست دەستگیربکات کە وێنەی ڤیدیۆیی داعشیان باوکردووتەوەوپەیوپاگەندەیان بۆ داعش کردووە ، پاش بەدەستگەیاندنی زانیاری ورد و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی دادوەر تیمێک پێکهێنراولەماوەی 24 کاتژمێردا دەستگیرکران.

وتیشی کە دانیان نا بە ئەندامبوونیان لە ڕێزی چەتەکانی داعش.

هەروەها وتی تیمەکانمان لەشارەکانی بەغداو سەڵاحەدین ونەینەوائەنبار وبەسەر ودیالە توانیان لەماوەی دوو مانگی پێشوودا30 تیرۆریست دەستگیربکەن کەبەمادەی 1/4 داواکرابوون، سەرجەم ئەوتیرۆرستانە ڕەکاری یاساییان بۆ وەرگیرا.